


# دەق: منی ئەوی تر و ئەوی تری من

هەندرێن
(سوێد)



ئافراندن لەگەڵ بەرجەستە بوونەوەی لە دەقدا، شوێن پێیەک لە زەینی خوێنەر بە جێدەهێڵێ، بەڵام بۆ ئەوەی ئەو شوێن پێیەی دەق تاک ڕەهەند نەبێ، پێویستە دەنگە جودایەکان لە دەقدا بەشداری بکەن. لە بۆیە ئەمڕۆ لە ئەوروپادا لە بواری تیۆری و هزرییەکانی ڕەخنەی ئەدەبیدا، گرنگییەکی فرە بە ئامادەبوونی دەنگە جودایەکان لە دەقدا دەدرێ، بە هەرمێن بوونی ئەو ڕەوتە لە جیهانی ئەدەبی و بگرە جیهانەکانی تری وەکی فەلسەفە و زانستیشدا، ڕەنگدانەوەی ئەو شەپۆلگەلە هزری فەلسەفییە هەمە ئاقارانەن، کە هەر لە شەستەکانەوە دەستیان پێکرد و لە هەشتاکانیشدا گەیشتنە چلەپۆپە. هەڵبەتە ئەو ڕەوتە لە بەراییدا بەرتەکدانەوەیەکی هەمەلایەنی لە جەم ڕووناکبیران دروست کرد، لێ لە دواجاردا بوو بە زمانزاڵی پانتاییەکانی ئەفراندن. بەم جۆرە پێشتر نووسەر و ڕەخنەگرە نوێیاوەکان لە ڕوانگەی تاکە دەنگێکەوە لە دەقیان دەڕوانی، کەچی نووسەر و ڕەخنەگرە پاشنوێگەرەکان لە ڕوانگەی دەنگییەوە دەق دەپێون. بەم جۆرە لە جیهانی دەق و ڕەخنەی ئێستادا دەنگەکان وێکڕا لە پەیڤینێکی هاوئاهەنگدا ئامادە دەبن و بەشداری لە ئاوەدانکردنەوەی گەردوونی دەق دەکەن. هەر بۆیە دەستەواژەیەکی وەک ئینتەرتێکستوالیتێت (دەقئاوێزانی) واتای چڕکردنەوەیەکە بۆ ئەو ڕەوتە ئەدەبییەی ئەمڕۆ.

هەڵبەتە سەرهەڵدانی ئەو چەشنە ڕەوتە ئەدەبییە لە ڕۆژئاوادا، چێکردنێکی نوێ نییە، بەڵکو ئەو ڕەوتە لە ئەزموونی کولتووری گریکی کۆنینەوە سەرچاوەی هەڵگرتووە. وەک دەزانین، کە ئەفلاتوون لە دەقە فەلسەفییەکانیدا، وێڕای ئامادەیی پڕشنگی ئەدەبی، دیالۆگێکی هاوئاهەنگ، بەرهەم دەهێنێ، کە ئاخێوەرەکان لە دانوستاندنێکی دۆستانەدا تێهزرینەکانیان لە گەڵ یەکتردا دەگۆڕنەوە. بە پێچەوانەشەوە خوێندنەوە و گوێگرتنی یەک لایەنی، دەبێتە جۆرێک لە ملکەچ بوون بۆ یەکێکی تر، یان ڕازیبوونە بە نایەکسانی . ئەم شێوازەش لەگەڵ دیدی ئیدیالیانەی ئەفلاتوون و سوکرات بۆ فەلسەفە گونجاو نە دەگونجا. بۆیە سوکرات ئازادانە پرسیار و بەرسڤدانەوەی لەگەڵ بەرانبەرەکەی دەگۆڕییەوە و بەمەش زەمینەی بۆ گەیشتن بە زانیارییە فەلسەفییەکان خۆش دەکرد و ڕوخساری ڕاستییەکانیشی ڕووناک دەکردەوە، چونکە بە لای سوکراتەوە دەبێ مرۆڤ ئازاد بێ و ئەوجا دەتوانێ ڕاستی ببینێ، بۆیە ئەفراندن بە گشتی کردەوەیەکی دەقئامێزییە. کەواتە سەرشاری ئەو ئاراستەگەلە ڕەخنە ئەدەبییانەی ئەمڕۆ جەخت لەسەر فرە دەنگی دەکەنەوە، دیاردەیەک نییە کە لە ختو خۆڕایی لە دایک بوو بێ، بەڵکو ئەوە جۆرە تێهەڵچوونەوەیەکە، بەڵام بە شێوازێکی نوێ، بۆ ئەو پشتێنە ماریفییەی کە گریکی کۆنینە ئەفرینەری بووە و ڕۆژئاوای ئەمڕۆکەش خۆی بە میراتگری دەزانێ. بەم جۆرە ڕۆژئاوا هەمیشە کە تەنگانەیەک گەمارۆی دەدا، بە ئاوڕێک لە پشتێنە گریکییەکەی، وەک مار، کاژەکەی خۆی دەگۆڕێ، لێرەوە دەبینین کە هزرڤانگەلێکی وەک ژیل دۆلوز، ژاک دێریدا، کریستیڤا و ئەوانی تر، شوێن پێیەکی بەرچاو لە خەملێنی ئەو ڕەوتە ئەدەبییە دادەنێن. بەم چەشنە ڕەخنەگر و نووسەرانی دیکە، ئاراستەی ئەو ڕەوتە ئەدەبییە وەردەگرن و برەوی پێ دەدەن.

لێرەوە دەکرێ بپرسین: ئایا وێڕای ئەو مەیلەی کە نووسەری کورد بۆ هەمە دەنگی دەق بانگەشەی بۆ دەکا، بەڵام بۆ دەقی کوردی هەتا ئێستاش بە تاکە منێک دەدوێ کە وەڵامی هەموو پرسیارەکانی لایە؟ ئایا ئەو گەڕەلاوژە و پاشاگەردانییەی کە ئەمڕۆ پانتایی نووسینی کوردی تەنیوەتەوە، پێوەندی بەو پێکهاتە تاک منەی نووسەری کوردەوە نییە؟ ئەو دەنگە تاکەی لە دەقی کوردیدا خۆی بە خوا دەزانێ، لە کوێڕا خۆراک وەردەگرێ؟ ئایا ئەگەر ئەو دەقە داخراوەی کوردی بخوازی دەرگای بەشداری کردن بۆ منە جودایەکان ئازاد بکا، لە کام سەرچاوە دەستەوایی بکا؟ ئەم پرسیارگەلە مەبەستی بانگکردنی بەرسڤەکانی منگەلە، نەک کەڵەگایەتی منێک.

لێ ئەو فرە منەی کە دەقی کوردی فەرامۆشی کردووە. لە خودی بیرکردنەوەی دەقدا ئامادەیە. ئەوە دەقە کە ئەو دەنگانە دەئافرێنێ. دەق بە پێوەدانگی خۆی داوەتی ئەو دەنگانە دەکا، کە ڕۆڵی خۆیان نمایش بکەن. دەق زمانی منێک نییە کە هەموو شتێک بزانێ. ئەوەی لە دەقدا دەپەیڤێ خودی نووسەر نییە، بەڵکو خودی خۆی و ئەوانی تریشە، بۆیە لە دەقدا وشە دەبێتە شوێن پێی واتایەک کە هێشتا دیار نییە.

**٢٠٠٦/٧/٢٢ ستۆکهۆلم**